# حوكمی وەرگرتنی سەرقفڵانە (بریتی چۆڵکردن)

[ kurdish – كردي – كوردی ]


## موحەمەد صالح المنجد

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1434

IslamHouse.com

# حكم أخذ المالك من المستأجر السرقفلية

# (بدل الخلو)

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی وەرگرتنی سەرقفڵانە (بریتی چۆڵكردن)

**پرسیار:** داواكارم وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە، چونكە پرسیارێكی گرنگە ولای ئێمە تا ئێستاش حوكمی ڕوون نییە، ئەویش پرسیاركردنە دەربارەی (سەرقفڵانە) كەمامەڵەیەكی بازرگانییە ولەبازاڕدا ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەم شێوەیەیە، گرێبەستێكە لەنێوان كرێچی وخاوەن موڵكدا دەبەسترێت، وپوختەكەشی بەم جۆرەیەیە، گرێبەستێكە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو بۆ جێگایەك كە بەكرێدەدرێت وبەشێوەیەكی ئاسایی بەڕەزامەندی هەردوولایەنی گرێبەستەكە قابلی تازەكردنەوەیە، ئەویش ئەو جێگایە بەمەبلەغێكی دیاریكراو مانگانە دەردێت بەكرێ لەگەڵ ئەوەشدا كرێچی مەبلەغێكی دیاریكراویش وەك پێشەكی دەدات بەخاوەن موڵك، بۆ نموونە : كەسێك میوانخانەیەك یان جێگایەكی بازرگانی یان خانوویەك بەمانگانە بەكرێ دەگرێت بۆ ماوەی یەك ساڵ مانگی بەصەد هەزار دینار، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن موڵك پێشەكیەك بابڵێین ( پێنج ملێۆن دینار) وەردەگرێت لەو كرێچیە، ئەمەش بە سەرقفڵانە ناسراوە، ئایا حوكمی ئەم جۆرە مامەڵەیە چیە ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە .

دەستەواژەی سەرقفلانە دەستەواژەیەکی عەرەبی نییە، بەڵکو دەستەواژەیەکی فارسیە، ولەهەندێك وولاتانیشدا بە (بدل الخلو = بریتی چۆڵکردن) یان (خاڵی کردننانە) یان (گواستنەوەی هەقی کۆن) ناو دەهێنرێت، ئەمانە و چەند دەستەواژەیەکی تر کە لەوولاتاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم دەستەواژەیەش مەبەستم سەرقفلانەیە زیاتر لە عێراق بەکار دەهێنرێت .

بەرێز مامۆستا ئیبراهیم فاضل دەبۆ مامۆستا لە کۆلێژی شەریعەی بەغداد دەڵێت : ووشەی (سەرقفلانە) ووشەیەکی عەرەبیە نییە، بەڵکو ووشەیەکی فارسیە وخەڵکی لەم دواییانەدا بۆ جۆرە مامەڵەیەك بەکاری دەهێنن : کە کرێچی وازدەهێنێت لەو موڵکەی کە لەژێر تەصەڕوفی ئەودایە وبەکرێی گرتووە، بۆ کەسێکی تر لەبەرامبەر بڕێك پارەدا کە هەردوولایان ڕێدەکەون لەسەری، پێدەچیت مەبەست هەر ئەو مامەڵەیە بێت کە لەناو خەڵکیدا بە (خلو=چۆڵکردن) ناودەبرێت، ئەمەش لەوەوە وەرگیراوە کە کرێچی واز لەو شتە دەهێنێت کە لەژێر دەستی ئەودایە " مجلة المجمع الفقهي " ( ژمارە ٤ / ١٧٤٩ ) .

ئەوەی بەرێز مامۆستا ئیبراهیم باسی کردووە: ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو مامەڵەیە بەکاردەهێنرێت کە کرێچی واز دەهینێت لەو شتەی بەکرێی گرتووە لەبەرامبەر بڕێك پارەدا،

ئەمەش شێوەیەك لەشێوەكانی (بدل الخلو = بریتی چۆڵ كردن) ـە، لە لێكۆڵینەوەكەشیدا ئەوەی باسكردووە كە (بدل الخلو =بریتی چۆڵ كردن) خاوەن موڵك لەكرێچی وەردەگرێت .

جا بۆیە جۆرەكانی (بدل الخلو =بریتی چۆڵ كردن) یان سەرقفڵانە زۆرن ویەك شێوە نیین، دەكرێت لەنێوان خاوەن موڵك و كرێچیدا بێت، وە دەشكرێت لەنێوان كرێچی و كرێچیەكی تازەدا بێت .

ئەو شێوەیەشی كە لەپرسیارەكەدا هاتووە : كە خاوەن موڵك وكرێچی ڕێدەكەون لەسەر ئەوەی كە خاوەن موڵك پێشەكیەك لە كاتی گرێبەستەكەدا لەكرێچی وەربگرێت، پاشان هەموو مانگێكیش كرێی مانگانەی لێوەربگرێت .

ئەم جۆرەی كە باسكرا جۆرێكە لە (بدل الخلو = بریتی چۆڵكردن) لەڕووی حوكمی شەرعیەوە مامەڵەیەكی دروستە بەمەرجێك ئەو پێشەكیە بەشێك بێت لە كرێی ئەو شتەی بەكرێ گیراوە، بەو مانایەی ئەگەر هاتوو گرێبەستەكە بەهۆی كارێكی نەخوازراوەوە هەڵوەشێنراوە، وەك ئەوەی ئەگەر هاتوو ئەو باڵەخانەیەی كە بەكرێ گیراوە ڕووخا، ئەو كاتە دەبێت ئەو بڕە پارەیە دابەش بكرێت بەسەر ماوەی بەكرێ گرتنەكەدا، وهەقی ئەو ماوەیەی كە ماوە بگێڕرێتەوە بۆ كرێچیەكە .

هەر لەم بارەیەشەوە (مەجمەعی فیقهی ئیسلامی) بڕیارێکی لەبارەی (بدل الخلو = بریتی چۆڵکردن)بەژمارە (١٨٣٩) دەرکردووە، تیایدا هاتووە :

ئەگەر هاتوو خاوەن موڵك و کرێچی ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بەڕەزامەندی هەردوولایان کرێچی سەرە ڕای کرێی مانگانە بڕێك پارە وەك پێشەکی بدات بەخاوەن موڵك، کە لەهەندێك وولاتاندا بە (بدل الخلو = بریتی چۆڵکردن) ناو دەهێنرێت، لەڕووی شەرعەوە هیچ ڕێگریەك لەم جۆرە مامەڵەیە نییە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو پێشەکیەی وەردەگیرێت بەشێك بێت لەکرێی موڵکە بەکرێ گیراوەکە، بەجۆرێك ئەگەر هاتوو گرێبەستەکەی نێوانیان هەڵوەشێنرایەوە ئەو بڕە پارەیە وەك کرێ حسابی بۆ بکرێت وئەو ماوەیەی کە کرێچیەکە ماویەتی خاوەن موڵك بۆی بگێڕێتەوە.

خوای گەورە زاناو شارەزاترە .